# مونا قەهوەچی: دەبێت پەلە بکرێت لە پێکهێنانی کابینەی تازەی حکوومەتی هەرێم

جێگری سەرۆکی پارتی چاکسازی تورکمان رایگەیاند، دەبێت پەلە بکرێت لە پێکهێنانی کابینەی تازەی حکوومەتی هەرێم.

مونا قەهوەچی، جێگری سەرۆکی پارتی چاکسازی تورکمان بە میدیاکانی پارتی راگەیاند، دەبێت پەلە بکرێت لە پێکهێنانی کابینەی تازەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، چونکە لە بەرژەوەندیی خەڵکی کوردستاندایە و کەمەڵگای نێودەوڵەتییش جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە.

ئاماژەی بۆشکرد، ماوەیەکی زۆرە بەسەر هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان تێپەڕیوە و تا ئێستا حکومەت پێك نەهێنراوە، بەڵام لێکتێگەیشتن و رێککەوتن لە نێوان شاندی دانوستانکاری پارتی و یەکێتی هەیە و ئەم لێکتێگەیشتنە بە ئەرێنی دەبینین لەسەر پرسەی سیاسی لە کوردستان و زوو پێکهێنانی حکومەت.

باسی لێوەشکرد، بە هەموو توانامانەوە پشتیوانیی ئەو رێککەوتنە و لێکتێگەیشتنە دەکەین، چونکە دەمانەوێ حکومەتێکی تازە بێتە ئارا کە وەڵامدەرەوەی خواستی خەڵکی کوردستان بێت.